www.kurdistannet.org
20-2-2007 16:56 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەنجومەنی گەنجانی کورد "میدیـــــــــــا"

**بەپەلە: بانگەوازێکی گرنگ سەبارەت بە یادی هەڵەبجە و ئاهەنگە ناوەختەکان لە هۆڵەند؛ لە لیژنەی ئەنجومەنی گەنجانی "میدیـــا"وە بۆ سەرجەم ئەندامان و دۆستانی ڕێکخراوەکەمان.**

گەنجانی دانیشتووی هۆڵەندا و کوردانی نیشتیمان پەروەر سڵاوی زانست و خەباتتان لێبێت ....

بەڕێزان بەپێویستی دەزانین هەموو لایەکتان ئاگادار بکەینەوە کەوا گەنجانی "میدیـــا" وەکو بەشێکی گرنگی یانەی کوردی لە هۆڵەندا "میدیـــا"، لە چالاکیەکی هاوبەشی چەند ڕێکخراوێک و لایەنێک لە ڕۆژی 2007/3/18 لە پایتەختی هۆڵەندا لە گۆڕەپانی (دام) بەشدار دەبێت لە یادکردنەوەی کارەساتی (هەڵەبجە) .

بەڕێزان داواکارین و ئاواتە خوازین لە ڕۆژانی 18/17/16ی مارسی هەموو ساڵێک یادی هەڵەبجە بکەنەوەو بەشدار بن لە چالاکیەکانی ئەم یادە زیندووە، ناساندن و یادکردنەوەی هەڵەبجە ئەرکی سەرشانی هەموومانە بە بێ جیاوازی.

بەڕێزان بەداخەوە لێرەوە لەوێ ریکلامی چەند ئاهەنگێکی نەورۆزمان بینیوە، کە لە ڕۆژانی یادکردنەوەی کارەساتی هەڵەبجە داندراون، جێگەی داخە، ئەوانەی بەم جۆرە ئاهەنگانە هەستاون بە هیچ شێوەیەک بیریان لە هەڵەبجە نەکردۆتەوە و کارێکی زۆر ناکوردانە و نامرۆڤانە دەکەن! بەهەرحاڵ ئێمە ناتوانین قەدەغەیان بکەین، بەڵام دەتوانین ئازادانە بە گەنجان و دۆستانی ڕێکخراوەکەمان ڕابگەیەنین و داوایان لێبکەین بەهیچ جۆرێک لە ڕۆژانی 18/17/16ی مارس بەشداری هیچ ئاهەنگێکی ناوەخت نەکەن. !!

تکایە با هەڵەبجە لەبیرە خۆمان نەبەینەوە بۆ چەند ساتێک هەڵپەرکێ و خۆشی!

تێبینی:

- گەنجانی "میدیـــا" ئامادەیە بە فەرمی سوپاسی ئامادەکارانی ئاهەنگەکان بکات، لە کاتێک ئەگەر ئەو بەڕێزانە بڕیاری گۆڕینی ڕۆژی ئاهەنگەکانیان بدەن.
- سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی بەرەو پیری بانگەوازەکەمانەوە دێن.

ئەنجومەنی گەنجانی "میدیـــا" لە هۆڵەندا

ئەمستەردام

2007/02/20

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.